# پەروەردەو رۆحپەروەری

## بەشی یانزدەهەم و کۆتایی

بوون و جێگیربوونمان دەنێو ئەم جیهانەداو پابەستبوونمان بە ژیانێکی تایبەت و دیاریکراوی کۆمەڵایەتی کە دەکرێت ئەوەی ئێمە جیاواز بێت لەو زیندەگییەی لە کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەگوزەرێت، چ لە رابوردووداو چ لەو جۆری ژیانەی هەنووکەو لێرەدا ئەزموونب دەکەین هەمیشە دەمانخاتە بەردەمی چەندەها گوزارشت و دەربڕینی جیاوازەوە سەبارەت بە ماناو پێناسەکانی رۆحپەروەری، بەڵگەش ئەوەیە کە سەرچاوەکانی رۆحپەروەری وەك کۆمەڵە مەڵبەندێکی پەروەردەکردنی مرۆڤ بە گوێرەی جوگرافیاو قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو جیاواز دەردەکەون، بەپێی بوونی جیاوازی نێو شارستانییەتەکان، چ لە رۆژهەڵات بن و چ لە رۆژئاوا، لەوەدا ئاینییەکان رۆڵی گەورەیان هەیە کە خاوەنی چەندەها دەزگای تایبەت بە خۆیانن کە لەوێدا پێناسەو ماناکانی رۆحپەروەری شیدەکرێنەوە، سەباری دەزگا مۆدێرنەکانی پەروەردە کە ئەوپەڕی هەوڵدەدەن خۆیان لە دەزگا ئاینییەکان جیا بکەنەوە، سەبارەت بە رۆژئاوا دلێرانەترو شێلگیرانەتر هەست بەو تەکان و خۆراپسکاندنەی دەکرێت، کەچی سەبارەت بە رۆژهەڵات و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەو جوگرافیایەی دەکەوێتە ژێر قەڵمڕەوی عەقڵی زاڵی ئسلامگەرایی هەوڵ و هەنگاوەکان بۆ ئەو خۆراپساندنە زۆر گران و ئەستەمە، هەژموون و سەردەستەیی میراتێکی فیکری کە تەمەنی لە هەزارساڵ پترە بەم دارو بارو کەرەستە فیکرییەی لە بواری پەروەردەدا کاری پێدەکەین هیچی لەماناکان و پێناسە هەرە کۆنەکانی رۆحپەروەری زیاد نەکردووە، نەك هەر ئەم شەڕەی پێناکرێت، بەڵکو هەر لەسەرتاوە جەنگێکی دۆڕاوی بەڕێوەبردووە، خودی دەزگاکانی پەروەردە کۆمەڵێك کارگەی زەبەللاحی خەساندنی رۆحی کچان کوڕانی ئێمە بوون، دەزگاکانی پەروەردە لە رێگەی قوتابخانەکانەوە، هەر لەسەرتاییەوە تا دوا قۆناغەکانی خوێندنی باڵا، کچان و کوڕان فێردەکات لە گۆڕان و سۆراغکردن و پشکنین نەوەستن، بەواتا کردنەوەی هەر هەموو دەروازەکان و رێگاکانە بۆ گەشتێك کە هەموو تەمەن داگیردەکات، گەشتێکی فیکری و رۆحی کە وێستگەیەك بۆ وەستان ناناسێت، دۆزینەوەی هەر شتێکی تازە، روانین و بینینی قوڵترو تیژتر دەکات، خەیاڵ و خولیاکانی گەورەتر، مەراقی هارترو بێ ئۆقرەتر، سەرزەمین و ژێر زەمین و بۆشایی ئاسمان دەگەڕێت و دەپشکنێت، هەمیشە پرسیارو گومانەکانی کۆتاییان نایەت، ئاخۆ لە قوتابخانەکانی ئێمە رۆحێکی لەم جۆرە ئەگەر رسکان و دروستبوونی کەمەیان زۆرە؟ ئاخۆ ئەو روانینە قووڵ و خەیاڵە ئازادە بە کچان و کوڕەکانی خۆمان دەبەخشین کە بکەونە دوای هاوارو داواو بانگی چارەنووسی خۆیان وەك چەند مرۆڤێکی عەقڵزەدەو شکۆمەند؟ ئاخۆ لای ئەوان قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە تەنیا رێگەیەکە بۆ نان پەیداکردن یان گەڕانێکی درێژە بەقەد درێژی تەمەن بۆ پەردە هەڵاَدانەوە لەسەر نهێنی و سیحری ئەم گەردوونە؟ گەڕانە بە دوای کارو پیشەیەکدا یان گەڕانە بەدوای گەوهەرو مانای بوونمان لەسەر ئەم ئەستێرەیە؟ ئەستێرەکە بۆ ژیان و زیندەگییەکی جوانتر یان خاکێکە بۆ سوتاندن و کاولکردن؟

بیً رۆحپەروەری و رۆحێکی ئاشتیخواز و ئارام مەحاڵە بتوانین وەڵامێکی دروستمان بۆ ئەم پرسیارانە دەستبکەوێت.
گەشتی ئێمە دەنێو دەزگاکانی پەروەردە گەیشتنە بە دەستنیشانکردنی چارەنووسێکی ئابووریخوازانە، بەواتا رۆوانینێکی بەرتەسکە بەوەی لە بازاڕی کاروپیشەدا چەندە زیان یان قازانج دەکەین، نەك چەندە توانا فیکری و رۆحییەکانمان گەشە دەکەن، خەمی ئێمە تا هەنووکەش لەسەر ئاستی کردەی سیاسیش گوتاری مانەوەیە نەك ژیان و زیندەگی کردن، مانەوەدۆخێکی سروشتی و جەنگاڵئاسایە کە لەگەڵ هەموو گیاندارەکانی دارستان دەمانکات بە برابەش لەوەی کە بمێنین و نەخورێین، ماناوەیەك

لەسەر ئاستی فیزیکی و بەس، بەدەر لە ڕەهەندە ڕۆحییەکان، دەکرێت چارەنوسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێمەی کورد ئەوەندە ڕەش بووبێت کە جگە لە مانەوە لەسەر ئەم خاکەی خۆمان هیچی دیکە نەخوازین، بەڵام لە هەنووکەدا مەرجە دەزگاکانی پەروەردەو هەر هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گوتارو قسەیەکی تازەی هەبێت، حەڤدە ساڵ کەم نییە بۆ دۆزینەوەی مانایەکیدیکە سەبارەت بە تێکۆشان و لارەنجی مرۆڤی ئێمە، ناکرێت بۆ هەمیشە لەرێی کارەسات و مەرگ و خوێن و هەرەسەکانەوە خۆمان پێناسە بکەین، پردی ئێمە لەگەڵ ئەوانی دیکەو جیهانی دەرەوە بەتەنیا خۆبەستنەوە بێت بە تراژیدیاکان، بێ دروستکردنی ڕۆحێکی مەزن دەنێو تاکەکان و نەتەوەدا پیشاندانی بەردەوامی جەستەی بریندارمان هیچ مانایەکی نەماوە، خولقاندنی نەوەیەك کە بتوانێت ئازاو شکۆمەندانە گوزارشت لەخۆی و خەون و پرۆژەکانی بکات و ئەرکی پەروەردەیە، ئەو شەرمە سیاسییە زۆر کوشنیدەییەی سەرکردەو بنکردەکانی ئێمە تیایدا نوقمن زادەی ئەو دەزگا پەڕپووتانەیە کە هەر هەموومانی خراپ بەخێو کرد، هیچ شتێك بەقەد ئەوە کارەسات نییە کچان و کوڕانی ئەمڕۆکە بە هەمان ئەو ڕۆحە ترسنۆك و شەرمنەوە گەورە بکەین، دروستکردنی ڕۆحێکی ئازاو جەربەزە پرۆژەکە کە بەدرێژایی مێژوو کاری دەوێت، ڕابوونێ:ە کە هەستانەوەیەکی دەوێت لەو گۆڕانەی چەندین سەدەیە بە تاریکی و کوێربوون ئاشنای کردین.

ئەوەی کە زۆر زیندووەو شەسپاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مەردوومەکاندا بایەخدانە بە نەش و نوماکردنی ڕەهەندە ڕۆحییەکانە کە زۆرجاران دیوێکی پیرۆز بەوژیانە دەبەخشێت، هەرچەندە ئەو بەپیرۆزکردنە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکەو بەگوێرەی قۆناغە جیاوازەکان بەشێوەیەکی قووڵ دەگۆڕێت، پێگەی ئێمەش دەنێو ئەم گەردوونەدا وەك ماناکانی پیرۆزی پابەستە بەهەل و مەرجەکانی کات و شوێن، گۆڕانی پێگەی مرڤ و ماناکانی پیرۆزی و ڕۆحپەروەری ملکەچی ئەو سەچاوانەن کە کەوتووەتە ناو فەزاو چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراوەوە، چ لە ئێستاداو چ لە ڕابوردوودا.

ڕۆحپەروەری بەتەنیا ئەزموون و بەرهەمێکی یەکڕەنگی هەوڵی فیکریو ڕۆمانی چەند مرۆڤێك نییە کە خیۆان خزاندبێتە گۆشەیەکی ئەم دنیایەوە، هەتا خودی ئەزموونی جۆراوجۆری فەندەمێنتالیستەکان دەنێو ئاینیەجیاوازەکانداو لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا نموونەی جیاوازی ئەزموونە ڕۆحییەکانمان دەخە بەردەست هەتا گەر هەژارانەش خۆیان بنوێنن، ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بەوە هەیە لەو تاك مانا دینییەی ڕۆحپەروەری پتر بخوازین کە دەنێو مەکتەب و مزگەوتەکانی ئێمەدا بە منداڵەکانمان دەوترێتەوە، مەرجە ئەومانایانەی ڕۆحپەروەری گەورەتربن و هێزو تواناو بوارەمان بۆ برەخسێنن کە پتر لە سیحر و نهێنی و خۆشی و جوانییەکانی ئەم جیهانە نزیکمان بخەنەوە، پتر بەو سروشتە کێوییەی دەوروبەر ئاشنامان بکەن، لەوەدا جگە لە خەیاڵ خودی زانستەکان یارمەتیمان دەدەن لە دۆزینەوەی ڕۆح و جوانی پەنهانی ئەو سروشتە و بەخشینی ولانینێکی قووڵ بۆ بەرگریکردن لەو سروشتەو دوورکەوتنەوە لە وێرانکردنی، لەوەدا ڕۆحێکی ئەفسوونپەروەرمان گەرەکە کە ڕێز لە سام و شکۆمەندی ژیان بگرێت کە وایکردووە ئەزموونی ئەو هەموو سیحرە مەزنە لە خۆماندا کۆبکەینەوە کە بۆی لەدایکبووین.

هەر هێزی ئەو ڕۆحەشە وا دەکات بەهەموو تواناکانی لەشمانەوە پەیوەندی بە سیحرو نهێنییەکانی شتەکانی دەوروبەرمانەوە بکەین، لێرەدا ئەزموونی(تاغور)مان یاد دەکەوێتەوە کە پۆلێك لەناو سروشتدا بۆ قوتابییەکانی دەکاتەوە پۆلێکی کراوە لەناو ڕۆحی سروشتدا کە دەبێت بەمەڵبەندی خەیاڵپەروەری و ڕۆحپەروەری منداڵەکان، نیو سەدە پترە منداڵەکان لەم وڵاتەدا بەزۆر ئاخنراونەتە ناو چەند پۆلێکی ساردو سڕەوە، بەدوور لە سروشت و جوانییەکانی، تووتی ئاسا، شیعر و ئایەت و هاوکێشەو زانیاری عەمپارەپۆو مردوویان بەترس و ڕقەوە پێ ئەزبەر دەکرێن، کاری پەروەردە بەخشینی چاو و گوێچکەو زمانی دیکەیە، پتر لەوەی کە هەمانە، تا فرە ڕووخسارو ڕەنگ و دیوی شتەکان ببینین، جیاوازییەکان شاگەشکەمان بکەن نەك لەبەرانبەر یەکدیدا دڕۆنگمان بکەن، هێزو توانیەکمان ببێت کە

زۆر قـووڵ و ڕەهەنـدەکانی ڕۆح و زاتـی خۆمـان و ئـەوانی دیکـە ببینـین، ببـین بـە خـاوەنی زمـانێکی دەوڵەمەنـد بـۆ دەربـڕین و گوزارشتکردن لـەو ئەزموونـە ڕەنگـاو ڕەنگـەی کـە لەسـەر ئـەم سـەرزەمینە هەمانـە، خـودی (ئیسـحاقی لـەپ زێـڕین) لـە (شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان)- بـەختیار عـەلی-دا هـەر لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی لەگـەڵ شـاگردە وردیلـەکانی خۆیـدا لـەبواری مۆسـیقادا سـەرگەرمی گەمـەی ڕۆحپـەروەری و تـەقاندنـەوەی خـەیاڵ و تـامکردن و بـۆنکردن و بینینـی سروشـتە بـەرووتی، سـەرگەرمی ئەوەیە چاوو گوێ و بگرە ڕۆحی تازەیان پێببەخشێت دەنا ناتوانن ببن بە مۆسیقار.
دواتر پەیداکردنی ڕۆحێکی وا دە وامان لێبکات بەشانازییەوە خۆمان بە دانشتوان و هاوبەشی سەر ئـەم ئەستێرەیە بزانین کە بەختی ئەوەمان هەبووە بەشە خاکێکی بـەر ئێمـەش کـەوتووەو خـەمی ئەوەشمان بێت کە ئەم ئەستێرەیە نەکوژێتەوە، هەر لـەبەر ئـەوە پێویستمان بـەوە هـەیە ڕێـز لـە پەیوەنـدی خۆمـان بگـرین لـەتـەك هـەموو ڕەگـەزەکانی ئـەم سروشـتە، ئـەوەش بـێ ڕۆحێکـی جوانپـەرست ناکرێـت کـە لـە شکۆمەندی خـۆی و بوونـەوەرەکانی دیکـە بڕوانێـت و تێبگـات سروشـت بەهـەموو ڕەگـەزەکانی خۆیـەوە تـەنێکی مردوو نییە، بەڵکو خاوەنی ڕۆحێکی زیندووەو دڵێکـی گـەورەش کەهـەموو گەردوونـەو لـەلێدان و جوڵـەو بزافی جوانی خۆی ناوەستێت، وەك ئێمەی مرۆڤیش جارو بار شێت دەبێت و بەوپـەڕی تـووڕەیی و قەهرەوە لافاوو گڕکان بەم لاو ئەو لادا دەنێرێت، بیرمان نـەچێت کە لـەم چاخـەدا گونـاهی ئێمـەی تێدایـە کـە سروشـت لـەجاران تـووڕەترو تۆڵـەسێن و غـەمگینترە، مـەرجـە لـەقوتابخانـەکانی خۆمانـدا ئـەم وانـە تازەیـە بـەمندالـەکانمان بلێیینـەوە، ئـەوەش ناکرێـت بـێ ڕۆحپەروەرییـەك کـە عاشـق و شـەیدای سروشـت بـوون وایـان لێبکـات و شـکۆمەندی خۆیـان و سروشـت لـەیەکـدی جیـا نـەکەنـەوە، جـوانی و سـامی ئـەو خـەلیقەتـە وامان لێبکات کە کەیفمان بـەبوون و پێگـەی خۆمان بێت دەنێـو هـەموو گیانـدارەکانی دیکـەدا، بـێ خۆنواندن و کەڵـەگایی بـەسەر ڕەگـەزەکانی دیکەدا، واچاکە لـە فـەرهـەنگی خۆمانـدا ئـەو ڕوانینـە کـۆن و مردووە فڕێبدەینـە دەرەوە کە دەڵێت هـەندێك ڕەگـەز هـەن لـەناو سروشـت و ژینگـەی دەوروبـەرمانـدا بـێ ڕۆحن،(کاندنسکی) وتەنی(بەردیش ڕۆحی خۆی هەیە) کە ئێمە ناتوانین بیبینین.
بەگـەڕانـەوە بـۆ مێـژووی نزیـك و دووری خۆمـان سروشـت بـۆ ئێمـەی کـورد پـەناگاو حەشـارگە بـووە کـە بەحوکمی سـەختگیرییەکەی ئێمـەی لـەدوژمن پاراستووەو توانیوومانـە خۆمـانی تێدا بشارینەوە، بـەدەر لەو ڕوانینـەش سروشت واتـا کێڵگـەیـەکی بـەپیت و فـەرش کـە کانگـای بژێـوی و زینـدەگیمان بـووە، وەکـی دیکە ئێمە نەمانتوانیووە بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی ڕۆحی خۆمان بەڕۆحی مەزنی سروشتەوە گرێ بدەین و پێکەوە لەتـەك ڕەگـەزەکانی دیکـە ینـاو ئـەو سروشتە خۆمـان دەنێـو جوانییـەکی هاوسـەنگ و تـەبایی و هارمۆنیایەکدا بدۆزینـەوە، بـەواتا پەیوەنـدی شـاعیرانـەی ئێمـە و سروشت لاسـەنگ بـووە، گـەر نـەڵێین پچڕاو بووە، ڕاستە ئێمە وەك عەقڵ لە قۆناغی شوانکارەییدادەژین، هەتا لەسەر ئاستی سیاسیش، بەڵام عـــەقڵی کێـوی و سروشـت پەرسـتیمان دۆڕانـدووە، ئـەو عەقڵـەی کـە لـەدوای ڕاپەڕینـەوە بـەناو شارستانییەتەوە سەوزایی لە شارەکانی کوردستان نەهێشت و کۆنکرێت لەسەر یەکدی کەڵەکە دەکات لەوتاوەتە ناو دۆخێك کە دوژمنی گیاو چیمەن و گڵە، هیچ مەڵبەندێکمان نییە بۆ ئاشتکردنەوەی مـرۆڤ و سروشـت جگـە لـە قوتابخانـەکان، مەرجـە لەوێدا منداڵـەکانمان بـزانن کـە ئێمـەو شـتەکان و بوونەوەرەکانی سەرزەمین لە کرمێ:ەوە تا درەخت و ماسییەك و ئەستێرەیەك لە ئاسمان خوشك و برای یەکدین، نە کونەپەپوو شوومە و نەقەلەڕەش بەدیومەو نە ڕێویش فێڵبازە، ئێمە هـەر هـەموومان لـەتـەك ڕەگـەزەکانی دیکـە یـەك ڕۆحـی گـەردوونی مـەزنین، لەکـەدارکردنی ڕەگـەزێکیان لەکـەدارکردنی هـەر هەموومانەو درزکردنە ڕۆح و دڵی گەردوونەوە، شکۆ ئەفسوونی جیهان زمان و گوزارشتی جۆراو جۆری لێمان دەوێت، ئاهەنگ گێڕان لە تەك خۆمان و هەر هەموو ڕەگەزەکانی سروشت و بوون.
بەگـەڕانـەوە بۆ سروشتی سـەد ڕەنـگ و ئـاوەدان بـە زینـدەگی و ڕۆحـی جـۆراو جـۆر، لـەتـەك بـوونی ئـەو هـەموو ئەفسانـەو هەاقیـەت و شـێوە ژیـانی جیـاوازی مـرۆڤ هـەر هـەمووی گوزارشـتە لـەوەی ئـەزموونی مرۆیی یەکڕەنگی ڕەت دەکاتەوە، جوانی لە سروشت و داب و نەریت و ئایینە جیاوازەکاندا هەیە، هەر لەبەرئەوە فرەیی و جیاوازی گوزارشتکردن لـە ڕۆحپـەروەری کـە قایل بێت بـە جـەبری کـات و شـوێن و

جوگرافیسا جیاوازەکان ئەرکی پەروەردەیە، پێچەوانەکەشی گەڕانەوەیە بۆ رۆحی فەندەمێنتالیزم کە رەسەنی و جوانی بەتەنیا لەو میراتە فیکری و ئەخلاقییەدا دەبینێتەوە کە لەناو جوگرافیایەکی بەرتەسك و سەردەمێکی داخراوی مێژوودا خنکاوە، ناشکرێت لەم سەردەمەدا یەك نەخشەمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی رۆح، بەگەڕانەوە بۆ پێناسەی زاڵی ئاینیش بۆ رۆحپەروەری کە تاك واتا دەخوازێت، جیاکردنەوەی رۆحپەروەری لە ئایین پێشمەرجێکە بۆ باوەشکردنەوەو قایلبوون بە جیاوازی، بەتایبەتی لێرەو هەنووکە، جوانی جیاوازیش لەوەدایە کە رۆح هەر هەموو گەمەو سەرکێشییەکانی ژیان ئەزموون بکات، گەرنا.. نەگەشە دەکات و نەدەوڵەمەند دەبێت، رەوا نییە ئایین رێگا لە گیانبازی و گیانخوازی بگرێت، بەڵام ئەو رێگا گرتن و دانانی بەربەستەکان هەر بەتەنیا دەزگا ئایینییەکان نایکەن، بەڵکو خودی دەزگا پەروەردەییەکان لەوە مردووترن کچان و کوڕەکانمان فێری رۆحپەروەری و گیانبازی بکەن، هەر هەموو دەزگا تازەو کۆنەکان خاوەنی میرانێکن کە رۆح غەمگین و ماندوو دەکەن، لەوەش ترسناکتر گۆڕەپانی زانست بەهەر هەموو لقەکانییەوە ئێمەی خستووەتە دۆخێکەوە کە هەرچی ناوی پەیوەندی ئێمە و سروشتە، ئێمە و ئەم سەرزەمینە بەهەر هەموو شتە زۆرو زەبەندەکانی خۆیەوە، زۆر لێڵ و تەماوییە.. گەر نەڵێین ئەم پەیوەندییە بەتەواوی پچڕاوە، خودی زانستە مرۆییەکانیش چەکداری نەکردووین بەوەی رۆخمان بەر رۆحی ئەوانیدیکە بکەوێت و خۆمان و ئەوانیش بناسین، لەم چاخەدا چاوەڕێ دەکرێت زانست یارمەتیمان بدات بە خۆمان و جیهانی دەوروبەر ئاشنامان بکات، بەبێ ئاشنابوون و تێگەیشتن لە سیحر و نهێنییەکانی ئەم جیهانە، ناکرێت قسە لەسەر رێزو شکۆمەندی رەگەزەکانی بوون و زیندەگی بکرێت، زانست هۆشیارییە بە دۆزینەوەی پردو پەیوەندی لەنێوان جیهانی مرۆیی و جیهانی نامرۆییدا.

هەرچەندە ئێمە تا هەنووکە دیوارێکمان لەنێوان ئایین و رۆحپەروەریدا هەڵبەست، هەتا لەنێوان زانست و رۆحپەروەریدا، دیارە دەنێو دەزگا پەروەردەییەکانی خۆماندا وەك دوو بابەت و شەقڵی دژ بەیەك و ناکۆك دەردەکەون، سەبارەت بە زانست جگە لە کەڵەکەکردنی زانیاری و خۆخنکاندن دەنێو قەبارەی ئەستوری کتێبەکان و تیۆرەبازی و ئەزبەرکردنی داتاو هاوکێشەکان کە هیچ بڕێك لەو زانیاریانە نامانبەنەوە بەر دەروازەکانی رۆحپەروەری و خودی ژیان، لێرەو لەنێو ژینگەی فێرکردن و پەروەردەدا زانست خاوەنی هەمان کلیلەکانی ئاینە، خودی ئاینیش گرفت بۆ خۆی دروستدەکات ئەوکاتەی بەناوی خۆ رێکخستنەوە لەرێگەی چەند دەزگایەکەوە زیندوێتی رۆح دەکوژێت و دەیخاتە ناو سێگۆشەیەکەوە کە هەردوو باڵی سەرەوەی کوشتنی گومان و پرسیارەو بنەکەشی دۆگماو یەقین پەرستی کە دواجار لەرووی پەروەدەی کۆمەڵایەتییەوە داهێنان دەکوژێت و نەریتی باوو کۆن دەکات بە سەرمەشقی کارو بەرهەمی خۆی، هەڵبەتە ئایین بەم چەشنە کە میراتگری کۆنەخوازی بێت و لە داب و نەریتی باو خۆی رانەپسکێنێت دەبێت بە ئامرازو چەکی کۆنترۆڵکردنێکی کۆمەڵایەتی کە زۆر جاران بە مەرگی ئازادی کۆتایی دێت، بیرمان نەچێت کە ئایین چەندە ئەزموونێکی رۆحانی و زانییە، بایی ئەوەندەش هەڵگری بەهاکانی ژیانە لەسەر ئاستی گشتی و کۆمەڵایەتی، مەرجە دان بەوەدا بنێین کە هەر ئایینێك دەکرێت لە ناوئاخنی خۆیدا هەڵگری چەندین جوڵەو بزافی کۆمەڵایەتی بێت، دەکرێت پردی پەیوەستی نێوان ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و روانین و خەونە شۆڕشگێڕییەکان بێت هاوشانی سیاسەت، وەك هەر هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی شۆرشڤان کە دروشمی دژ بە ستەم و چەوسانەوە هەڵبگرێت، چلە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوا، مێژوو بەدەر نییە لەو خەون و هەوڵانەی کە دژ بە دەستەڵاتدارانی ستەمکار وەستاونەتەوە، لەوەدا رۆژئاوا لەدوای ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕەی ریفۆرمی ئاینیی لەتەك رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی بەراورد ناکرێت کە زۆربەی خەونەکانی سەبارەت بە ریفۆرمی ئایینی و بزافە کۆمەڵایەتییەکانی شکەستیان هێناوە، خوێندنەوە تازەکانی عیسا پەرستەکان بۆ ئینجیل/یان ئینجیلییەکان دەرگای تازەی بەسەر رۆحی ئایندا کردەوە کە دواجار چەند هەوڵێك بوون بۆ سەرفرازی و لابردنی هەژموونی قەشەکان و دەستەڵاتی زاڵی کەهنووت، هەربۆیە رۆحپەروەری عیساییەکان لە تێکۆشانێکی بەردەوامدایە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەوڵە هاوچەرخەکان بە گۆڕانی

کۆمەڵایەتی، مافی ئافرەت و یەکسانیخوازی، ژینگەپارێزی و ئاشتیەوانی و فەراهەکردنی هەر هەموو ئازادییە تاکە کەسییەکان و دژ وەستان بەرەگەزپەرستی.
دوا بەرئەنجام سەبارەت بە رێزگرتن لە فرەیی بوون و جیاوازی ژیانی رۆحیمان کە زیندەگی و بوونمان لەسەر ئەمخاکە دەوڵەمەندتر دەکات مەرجە رەنگدانەوەی ئەو هەموو بەخششە زۆرە بێت لە چالاکی و نەریت و شرووتی رۆحیمان، هیچ نەریت و ترادسیۆنێك کە هی هەر میللەتێك بێت بەکەم و سووك تەماشا نەکەین بەو مەرجە کە لرەیوو مرۆڤپەروەرییەوە شتێکی کەم یان زۆر بخاتە سەر ئەزموونی رۆحیمان، هەر گیانخوازی و رۆحپەروەرییەك خۆی لەناو کەلتوورێکی تاك و تاقانەو پیرۆزدا بخنکێنێت وبڕوای بە فرە کەلتووری نەبێت و دژی بوەستێتەوە، هەروەك ئەو ئەزموونە تاڵەی ئەمرۆکە فەندەمێنتالیزم- ئسوڵیەت- پەیڕەوی لێدەکات، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتو جیهانی ئیسلامیدا، دەرئەنجامەکەی جگە لە کارەساتی مرۆیی و کاولکاری رۆحی و مادی هیچی دیکە نابێت، تەنیا رێگەیەك بۆ بنەبڕکردنی رۆحێکی ئوسڵیيان و سەلەفی لەم ولاتەدا بەرپاکردنی پەروەردەیەکی ئاڕاستەکراوە رووەو خولقاندنی فرە دەنگی و فرە رەنگی و فرە کەلتووری، کردنەوەی دەرگای باخێکە بەهەزار گوڵەوە، ئەمەیان جیهانێکە کە بە جیاوازییەکانەوە جاونترە، کردنەوەی چەندین رەهەندی قووڵ بۆ ناسینی خودو جیهانی دەرەوە کە هەرگیز پێشتر بەو رادەیە داوای جیاوازی و رەنگاورەنگی نەکردووە.
دەمارگیری و خۆبەستنەوە بەتەنیا یەك ئایین و مەزهەب و سیاسەت و کەلتوورێك کە بەپیرۆزو جوانترو جیاوازتر تەماشا بکرێن، جگە لە کردنەوەی دەرگاکانی دۆزەخ و رۆحی فەندەمێنتالیزم هیچی دیکە نییە، بەرهەمەکەشی خوێن و فرمێسکی هەزارەهایە، ئەمەیان رێك و راست دۆخی عێراقە کە کارگەکانی سیاسەت و ئایین و خانەوادەو پەروەردە لەوە جوانتری پێ نییە وەك پیرۆزەی ژیان و فەرمانڕەوایی.